ناساندنی ڕەمانی پێ پێتییەکان.. نووزاد مەدحەت (گۆران عەبدوڵا)

کۆمۆنیستە میسرییەکان پێنج ساڵ لە کەمپی ئۆشکەنجەدا
نووسەر: تاهیر عەبدولحەکیم
چاپ: دار بن خەلدون
ژمارەی لاپەڕەکان: ٢٩٠

کەمپێک ماشێنی تەکەو داخراو، پارێزراو بە کەمپێکی زۆری چەکداری دەسەڵات. لە نیوەشەودا و لە نێو دەی بیابانداڕ دەبێت بەرەو زیندانی الواحات الخارجة. ١٢٠ کۆمۆنیستی کەڵەپچەکراوی جەستە شکێنراوی دەستی جەلادەکان، بەناو خاوەنی ئیرادەیەکی پۆڵایین.. بەباکانە دەنگ هەڵدەبڕن و سروود دەڵێن..

لە قووڵایی مەژووەوە، زریانێک هەڵدەکات
دونیایەک سەرلەنوێ لەدایک دەبێت
دونیایەک بەدەستی شەڕشگێڕان دروستکراوە
مرۆڤ بەهێز و ئازادەکان
بە بازوی خەم و ژانەوە
تەزی کۆنەپەرستی دەبڕین بۆ ئاسمانا
مردین لە ژێردەستی کەڵەنیالزما
بە ئیرادەوە بنیاتی دەنێین
پارتی کۆمۆنیستی میسری

ناونیشانی «الأقدام العارية» (پێ پەتییەکان) بەرهەمی نووسەری دیاری میسری طاهر عبد الحکیم ە. لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ابن خلدون ەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە. بەشی زۆری ئەم ڕۆمانە بە شێوەیەکی نهێنی لە زیندان نووسراوە و ڕەوانەی دەرەوەیان کردووە تا ئەو کاتەی نووسەر ئازاد بووە، دووتر کاری زیاتری لەسەر کردووەو پاش پانزە ساڵ لە ئازاد بوونیکەی بڵاویان کردۆتەوە.
حزبی شوعی لە ئابی ١٩٦٥ خەوشانەوە بە بیانەی یەکبونی هێزە سۆشیالیستییەکانەوە. خۆشبختانە نووسەر زوو توانیتی کەی دەستنووسەکان لەدەستی بەرپرسانی حزب بکاتەوە نەوەکە چارنووسی ئەم ڕۆمانەش بەهەمان چارنووسی حزبی شوعی دەبوو.

هەمانکە تا ئادیۆکی زەر شەوازی ئەتەبایەگرافی (ژیننامەی خەبی) هەیە. نووسەر تەیدا ئاوە لە ئەزموونی خەی دەداتەوە لەگەڵ بزووتنەوەی چەپ لە میسر، کە ئەمیش یەکێک بوو لەوانەی بەر هەڕەشەی ناسەرکان (جمال عبدالناسر) کەوت کە لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٥٩ دەستگیرکردنی فراوانی کەمۆنیست و چەپەکانی میسری دەستی پێکرد (ئەوەی پێی دەگوترێت «مجزرة ١٩٥٩). عەبدولناسر هەڕەشەکی گەورەی دژی مارکسیستەکان دەستپێکرد وەک بەشێک لە ململانێی فراوانتری دژی چەپی عەرەبی (لە میسر، سووریا و عێراق). نووسەر خەی یەکێک بووە لەو زیندانیانە.
زیندانییەکان پێنج ساڵ (تا ئایاری ١٩٦٤) لە زیندان و کەمپەکانی ئەشکەنجەدا مانەوە بەشیکیان لە ژێر ئەشکەنجەی دەندانەدا بە شکڵ گیان بەخشیە باوەکیان. ئازادکردنیان بە ماوەیەکی کەم پێش سەردانەکەی خروشۆف سەرکی ئەو کاتەی سۆڤیەت بە میسر ڕوویدا. ئەو قۆناغە بە یەکێک لە تاریکترین قۆناغەکانی سەرکوتکردنی ئازادیی بیروڕا لە مێژووی هاوچەرخی میسردا دەژمێردرێت.

ناونیشانی پەرتووکەکە:
ناوی «پە پەتییەکان» هەمایەکە بە ڕووتی، بەدەسەاتی و ئازادی لە هەمان کاتدا، هەروەها ئاماژەیە بە چوونە ناو قووڵایی زیندان و چنییەتی داماڵینی مرۆڤ لە مرۆڤبون.
ئەم ڕەمانە بەیەکێک لە گرنگترین و ناسراوترین بەرهەمەکانی ئەدەبی زیندان دەناسرێت شانبەشانی ڕەمانی (القوقعة-.. مصطفى خليفة و ڕێژەەاتی ناوەڕاست-.. عبدالرحمن مونيف) لە جیهانی عەرەبیدا، تایبەتمەندییەک هەردوو ڕەمانی القوقعة و الأقدام العارية لە ڕێژەەاتی ناوەڕاستی مونیف جیادەکاتەوە ئەویە کە ئەم دوو ڕەمانە لە ناو زیندا نووسراون و ڕاستەو خە مێژوویەک بە ناوو جوغرافیاوە دەگوازنەوە بەمان وەک سوریا و میسر، بە پێچوانەی ڕەمانی ڕێژەەاتی ناوەڕاست کە زادەی خیاڵەو شوێن هەموو ڕێژەەاتی ناوەڕاستە.
نووسەر دیدوەت مێژووی خەباتی کەمۆنیستەکان بپارێزێت لە شوانەن و درێی لایەنگرانی ڕاست. سەرەتا وەک بەڵگەنامەیەک بە هەڵەمەتی سیاسی دژەوە نووسرابوو، بەڵام بوو بە کتێبێکی تەواو کە هەموو لایەنە سیاسی، دڕوونی و مرۆییەکانی ئەو ماوەیە تەمار دەکات.
ئەم بەرهەمە یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی ئەدەبی زیندان لە میسردا و وێنایەکی ڕاستەوخە دەدات لەسەر چنیەتی مامەڵەی ڕژمی ناسری لەگەڵ ئەپۆزیسیۆنی چەپ.
پە پەتییەکان بەڵگەنامەیەکی چەوپێی دەکیەمێنتاری تاهیر

عەبدولحەکیمە کە نزیکەی 15 ساڵ پاش ڕووداوەکان دەیکاتە گواهیدەرێکی بەرکابەر بەسەر دەستاتە دیکتاتۆرییەکەی ناسرکانەوە کە چەن بەناوی نەتەوەو دژە ئیمپریالیزمەوە دژایەتی چەپ و کۆمۆنیستەکانین دەکرد نەک هەر لە میسر بەکوو لە عێراق و سوریاش.

نووسەر ئەندامێکی باڵای حزبی شوعی میسر بوو کە لە کامپی ئشکەنجەدان لە زیندانی (أوردي أبو زعبل) بە زیندانی (الواحات الخارجة) دوورخرابوونەوە. ئەرکی سەرەکی ئەو کە لە ناو زیندانەکەدا پێ سپێردرابوو، ئاراستەکردنی پڕوپاگەندە و گەیاندن بوو بە دەرەوەی چوار دیوارەکان، بەرەو ڕای گشتی ناوخۆیی و عەرەبی و نێودەوڵەتی، لە ڕێگەی نامە و ڕاپۆرت و لێدوانەکانەوە کە ئەو بارودۆخە سەختەی کە زیندانیانی سیاسی تێیدا دەژین ئاشکرا دەکرد.

نووسین لەناو زیندانداا لەلای ئیدارە تاوانێکی سزادراو بوو وە پرسیەکی زۆر ئاڵۆز و مەترسیدار بوو. ئەم کارە بە نهێنی لە درێنگانی شەودا ئەنجام دەدرا، پاش ئەوەی سیستەمی "تەمام" کۆتایی دەهات و گەڕەکان دەکوژێنرانەوە، سیستەمێکی پاسەوانی ناوخۆیی لەلایەن زیندانەکانەوە بە ئاگادارکردنەوە لە هاتنی پاسەوانەکان بەردەوام دەچوو. قەڵەم و کاغەز لە حەشارگەیەکی نهێنی لە سووچێکی زیندانداا دەشاردرایەوە دواتر دەهێنرانە دەرەوە. وشەی "بلوهم" وەک وشەی نهێنی لەهەموو زیندان و گرتووخانەکان نیشانەی هاوبەش بوو، واتە مەترسی نزیکە و پێویست بە شاردنەوەی هەموو شتێک دەگەیەنێت.

نووسەر لە سەرەتای کتێبەکەدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئیعتباری کتێبەکە لەوەدایە کە تۆمارێکی مێژوویی قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی گەلەکەیەتی، وەئاستییەکان بە ناوی ڕاستەقینەوە تۆمارکراون. ئەو پێگەو هەوڵستە لادەرانەی کەسانێک ئەمڕۆ هەیانە لەبەرانبەر خەبات و تێکۆشانی دوێنێیدا دەخاتە ڕوو.

ئەم ڕەمانە مێژوویی ئەوەند ورد تۆماری ڕووداوەکانی ناو زیندانی کردووە سەرباری تۆمارکردنی ناوی جەلادەکان و پاڵەوانەکانی ناو زیندان کە چەن تاوێکوو مردن بەگژ جەلادەکاندا چوونەتەوە، چەن تا دووا هەناسە نکۆییان لە کۆمۆنیست بوونی خۆیان نەکردووە، زۆرترین شیعر سرودەکانیشی نووسیوەتەوە لەوانەی لە کاتی ڕووبەڕوبونەوەی جەلادەکاندا وتراون یان بە نهێنی نووسراونەتەوە..

لە شێوەی دژ بە ستەمکاران
زەحمەتکێشان لەگەڵمانن
ژیان بنیاتدەنێین
لە خوێن و تەمەنمان

هەستن و سەر هەبەن
بە بازوویەکی پتەوەوە
بیەوخەنن قەڵای ستەم
ئەوتانە بەیانی هات و بانگمان دەکات
وەرن ئاماکان بەرزکەنەوە
کە بە خوێنمان سوورهەڵگەڕاوە
بە بازوویەکی پتەوەوە
بیەوخەنن قەڵای ستەم
ئەوتانە بەیانی هات و بانگمان دەکات
وەرن ئاماکان بەرزکەنەوە
کە بە خوێنمان سوورهەڵگەڕاوە

نووسەر لەم ڕەمانەدا نەک تەنها ئەزموونی زیندان دەکیەمێنت دەکات، بەڵکو هەڵوێستەیەکی هۆشنبیری هاشکاوانە و بوێرانە لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی میسری دەگرێت کە خەشی سەربەو ڕەبازیە. بزووتنەوەی کۆمۆنیستی پێشووی میسر سەرهەڵای زەربوونی هەڵکشاوەکانی، لە هەووی هەڵوێستەیەکی دابەش بوو بەسەر دوو ئاراستەی سەرەکیدا:
یەکەم هەوت: کەوتنە ژێر هەژموونی ڕاستگەڕایەوە بە بەدیدەکی ستراتیجی لە کاری هەژانە و ئەرکە دەستبەجێکان نقوومبون، بەدوای کەکردنەوەی ئەزموون و توانای تەکەشان بە گەیشتن بە ئامانجی ستراتیجی دەگەڕێت و بەم شێوەیە ئەم هەوتە کلکی بزووتنەوەی لیبراڵ بەرژوازی نەتەوەیی بوو.
هەوتی دووەم: چەپەکی هادیکاڵ کە جەخت لەسەر ئامانجی ستراتیجی دەکاتەوە و پێناسەی دەکات، ململانێی تاکتیکی پشتگوێ دەخات و لەبەر ئەوە گۆشەگیری و نەتوانینی ماموەکردن لەگەڵ واقیعی هەژانەدا بەسەریدا زاڵ دەبێت.
هەردوو مەیل نازانستین و نامێن بە مارکسیزم لینینیزم کە زانستی خوێندنەوە و گەیینی واقیعە، بەیە هەردوو مەیل نەیانتوانی لە سروشتی ئەو قۆناغە شەشگەیە تێبگەن کە کەمگای میسر پێیدا تێدەپەڕێت و بەرنامەیەک دابەژن کە بە شێوەیەکی تاکتیکی و ستراتیجی وەهامی سروشتی ئەو سەردەمە و پێداویستیەکانی بداتەوە.
تاهیر عەبدولحەکیم کەتایی بە ڕەمانەکەی دینیت بەم بانگەوازە:
شەکەمان بەردەوامە، لە ناو دڵی بیابانی وشک و بڕینگەوە دەنگمان هەدەبین بە هەموو ئازادیخوازانی جیهان کە هاوپشتیمانبن بە:
لە پێناوی شکستپێهێنانی برسێتی و بێبەشی و دڕبەدەری
لە پێناوی شکستپێهێنانی ئەو مردنەی کە لەزیندانەکاندا بەسەرماندا سەپێنراوە

لە پەناوی لە ناوبردنی هەوی ویرانکردنی ڕۆحی مرۆڤ
لە پەناوی لەناوبردنی سیاسەتی "ژیانت یان بیروباوەڕکانت".
لە پەناوی شکستپێهێنانی سووتاندنی فیکر و ویژدان
لە پەناوی گەڕاندنەوەی ئازادی و کەرامەتی مرۆڤایەتی
ئازادی قسەکردن و کەرامەتی قسەکردن…

لە کۆتاییدا دەبێت بووترێت:
ئەم ڕەمانەو ئەزموونی ژیان و میژوو ئەوەی نیشان داوین نە هاو نەتەوەیی، نە هاو ئایینیی، نە هاونیشتمانی تاوەکوو ئێستا نەیانتوانیە بتپارێزن لە تاکڕەویی فکریی و عەقیدەتی.
لە قووڵایی ناخی مرۆڤایەتیدا جیاوازی بیروڕا، ئایین و نەتەوە و ڕەگەز نابێت ببێتە هەی ئازار و سووکایەتی. چونکە مێژوو بە خوێن و فرمێسک پێشانی داوە کە هەر تاکڕەویەکی فکری تەنها سەرکوت و نادادی لێدەکەوێتەوە. مرۆڤ، لە هەر ڕەنگ و باوەڕێکدا بێت، شایستەی ئازادی و شکۆیە.

ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ڕووبەشی بانۆژەی ئەدەب و هونەر ژمارە ٤٢ بڵاوکراوەتەوە.

تاوانی شاش: باجی ناوبانگی خراپ.. سارا ئازاد محمد

لە جیهانی مۆدێرن و لەناو ئەو گەڕانکارییە خراپانەی کە تەکنەلۆژیا بەسەر ژیانی مرۆڤدا هێناویەتی، کۆمەڵگە لە قەناغی پێشسازییەوە گواستراوەتەوە بۆ ئەوەی زانیاری کۆمەڵناسی ناویان لەناوە «کۆمەڵگەی مۆدێرنیتە». لەم کۆمەڵگە نوێیەدا، شێوازی پەیوەندییەکان، ڕەساکان ،دابونەریت و بۆچوونەکان گەڕانکاریی پێشبینیان بۆخۆی بینیوە. یەکێک لە دیارترین سیماکانی ئەم سەردەمە، سەرهەڵدانی دیاردەی «بازاڕی سەرنج» (Attention Economy)ـە؛ بازاڕێک کە تێیدا "سەرنج" بووەتە گرانبەهاترین و قازانجدارترین کاڵا، و پێگەی تاک لەسەر شاشەی مۆبایلەکان بە ژمارەی لایک، ڤیو و شۆنکەوتووەکان دەپێورێت. لەڕووە پرسیارێکی

قووڵی کۆمەڵناسی سەرهەڵدەدات: ئایا ئارەزووی بەدەستهێنانی ناوبانگی خێرا تا چەند تاک بەرەو پشێلکاریی یاسایی و سەرهەڵدانی جۆرێکی نوێ لە "تاوانی سەر شاشە" دەبات؟

لە بەشایی جیهانی مەجازیدا، مرۆڤ دەتوانێت بە ئاسانی ناسنامەیەکی مەجازی و خەیاڵی بۆ خۆی دروست بکات کە زۆر دوور لە ژیانی ڕاستەقینەی. لەم دەخەدا، سەیشێلۆجیای بەکاربردن ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە؛ چونکە تاک نەک تەنها کاڵا دەکەێت، بەڵکو تەنانەت کەرامەتی کەسانی تریش، بەاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆی تایبەتی ، نهێنییەکان ، هاککردن و دزینی زانیاری ، چوونە ناو ئەکاونت (فەیسبووک، ئینستاگرام، واتسئەپ) یان کەمپیوتەری کەسانی تر بە مەەت، و ڕەوشتی گشتی دەکاتە کەرەستە و کاڵایەک بۆ بازرگانیکردن پێوەی لە پێناوی بەدەستهێنانی بەناوبانگبووندا یان هەندێک جار بۆ پارە. کاتێک بەهای مرۆڤ بەستراوەتەوە بە ژمارەی جەماوەرەوە، کەبەکەیەکی ترسناک بۆ ڕاکێشانی سەرنج دروست دەبێت کە تێیدا بەها ، ڕەوشت و یاسا پشتگوێ دەخرێن.

ئەم حەزە بۆ بەناوبانگبوون، ڕەگەخشکەرە بۆ سەرهەڵدانی تووندوتیژیی ئەلیکترۆنی (Cyberbullying) و بەاوکردنەوەی ناوەڕۆکی نەگونجاو. بەیاردان بۆ سووکایەتیکردن و شکاندنی کەسانی تر، دروستکردنی هەستی ڕق و کینە، یان پێشێلکردنی یاسا کەسییەکان، لەمەدا زۆر جار دەبینین تەنها بۆ تەەسەندنەوە یان کینەی کەسی نییە، بەڵکو ستراتیژییەکی هەبژێردراوە بۆ «ترەندبوون». کارلێکی جەماوەر لە ڕەگەی کەمەنت و هاوبەشکردنەوە هاندەرێکی گەورەیە، چونکە جەماوەر بۆ ناهەشیارانە و بێئاگایی خۆی بەشداری لە ئاساییکردنەوە و بەرزبوونەوەی ڕەژەی ئەم جۆرە تاوانە ئەلیکترۆنییانەدا دەکات.

دەرئەنجامی ئەم دیاردەیە لەسەر ئاستی کەمەگە زۆر قورسە. کاتێک خەڵک دەبینن سووکایەتیکردن و بێئابڕوێی دەبێتە هۆی دوەەماندبوون و ناوبانگی خێرا، بەهای کارکردن، زەحمەتکێشی ، ماندووبوون بە کاتێکی زۆر و ڕەوشتی بەرز لە کەمەگەدا لاواز دەبن و جۆرێک لە داماتی بەهای کەمەایەتی ڕوو دەدات. لە لایەکی ترەوە، گوشاری دەروونیی قوربانیانی ئەم تاوانە سەر شاشەیانە زیانێکی گەورە بە ئارامی و تەندروستیی دەروونیی کەمەگە دەگەیەنێت.

لە کۆتاییدا، تاوانی سەر شاشە تەنها کێشەیەکی تەکنیکی یان تاکەکەسی نییە، بەڵکو بریندێکی نوێی کەمەایەتییە و ڕەگ و ڕیشەی لە قەیرانی بەهاکانی کەمەگەی مەدەرنیتەدا هەیە. بە چارەسەرکردن و سنووردانان بۆ ئەم دیاردەیە، پێویستە لە هەموو لایەکەوە هەشیاریی بەرفراوان بۆاو بکرێتەوە، یاسای تووندتر بۆ پاراستنی

ئاسایشی تاکەکان لە جیهانی مەجازیدا پێیەو بکرێت، و لە هەمووی گرنگتر، تەوانینی کەمکردنەوەی ناوەکی پووچ، و پشوازیکردن لە بەها ئاستەقینەکان، نەک لەوانەی کە تەنها لەپێناوی لایک و ڤیودا یاسا و ئاکار پشێل دەکەن.

سارا ئازاد محمد
ماستەر لە کەمەناسی تاوان

سەرهەڵدانی درامای کوردی.. ئەرسەلان دەروێش

بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن..



ArsalanDarweshDownload

کاتێک هەوکردنی جگەر دەنگی هونەرمەندان بەدەنگ دەکات.. هەمن عەلی

هەندێک نەخۆشی بە بەدەنگی دەست پێدەکەن و هەنگاو سانایەک لە جۆستەی مرۆڤدا بەمنەوە، بە ئاوەی نیشانەیەکی هوونیان هەبێت. هەوکردنی جگەر، بە تایبەتی جۆرەکانی B و C، لەو نەخۆشییانەیە کە بە تێپەبوونی کات دەتوانێت زیانی گەورە بە جگەر بگەیەنێت و ببێتە هۆی لاوازبوون، لەکارکەوتنی جگەر یان شێرپەنجەی جگەر.
ئەم بابەتە کاتێک زیاتر گرنگیی خۆی نیشان دەدات کە باس لە دۆخی تەندروستیی مامۆستا عەبدین مەریوانی دەکرێت؛ یەکێک لە دەنگە ناسراوەکانی گۆرانیی کوردی، کە ئەمڕۆ دۆخی تەندروستیی بووتە جێی نیگەرانیی هونەردۆستان و خۆشەویستانی.
مامۆستا عەبدین مەریوانی خۆی لە دیمانەیەکی پێشووی NRT2دا باسی نەخۆشیەکەی و کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی کردووە. ئەم دیمانەیە گرنگە، چونکە زانیارییەکان لە زمانی خۆیەوە دەگوازرێنەوە، نەک تەنها لە هەگبەی گۆرانەوەی کەسانی دیکە. بەڵام بە دیاریکردنی جۆری هەوکردنی جگەرەکە، پەیوستە پشت بە وتەی هوون و ڕاستەوخۆی خۆی یان بەگەیەکی پزیشکیی باوەڕپێکراو ببەستریت.
عەبدین یەکەم هونەرمەند نییە کە نەخۆشیی جگەر کاریگەریی لەسەر ژیان و بەردەوامیی هونەرەکەی دابابێت. لە مێژووی هونەری جیهاندا، چەندین گۆرانیبێژی ناسراو تووشی هەوکردن و نەخۆشییە قورسەکانی جگەر بوون و هەندێکیان لە ئەنجامی ئاڵەزییەکانی ئەم نەخۆشییانە کۆچی دواییان کردووە.
یەکێک لە ناسراوترین نموونەکان عەبدولحەلیم حافزە؛ گۆرانیبێژی مەزنی عەرەب کە بە «عەندەلیبی هەش» ناوبانگی دەرکرد. ئەو لە منداڵییەوە دەستی بە ململانێ لەگەڵ نەخۆشی کرد و ئەم ململانێیە تا دوا ساتەکانی ژیانی بەردەوام بوو.
عەبدولحەلیم لە منداڵیدا تووشی نەخۆشیی بلهارزیا بوو. ئەم نەخۆشییە بە تێپەبوونی ساڵان زیانی قورسی بە جگەرەکەی گەیاند و بووە هۆی تێکچوون و لاوازبوونی جگەر. بەپێی ڕاپۆرتەکی صدی البلد،

دواتر لە ژیگەی خوێنی پیسەوە تووشی هەپاتایتی C بوو. ئەمەش دەخی تەندروستیی ئاڵۆزتر کرد، چونکە جگەرەکەی پێشتر زیانی زۆری پێگەیشتبوو.
عەبدولحەلیم ساڵانێک بە چارەسەر لەنێوان میسر و لەندەن هاتوچۆی دەکرد. لە ٣٠ی ئاداری ١٩٧٧، لە نەخۆشخانەی کینگز کۆلج لە لەندەن کۆچی دوایی کرد. بۆپێی صدی البلد، لە کۆتایی ژیانیدا تووشی خوێنبەربوونێکی قورس بوو کە پزیشکان نەیانتوانی ڕایبگرن.
لە گەرانیی ئۆرانیشدا، فەرهاد مەهراد یەکێک لەو دەنگە ناسراوانە بوو کە نەخۆشیی جگەر بۆشکی تاڵی ساڵانی کۆتایی ژیانی بوو. ئەو تووشی هەپاتایتی C بوو و دەخی تەندروستیی بەردەوام خراپتر دەبوو. بە هیوای چارەسەر ڕووی لە فەرەنسا کرد، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٢، لە تەمەنی ٥٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.
لە ئەمریکاش، لە ڕید تووشی هەپاتایتی C و نەخۆشیی قورسی جگەر بوو. دەخی تەندروستیی هێندە خراپ بوو کە لە ساڵی ٢٠١٣ جگەرێکی نوێی بە چێنرا، بەڵام چەند مانگێک دواتر، لە تەمەنی ٧١ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.
گرێگ ئالمانیش تووشی هەپاتایتی C بوو و نەخۆشیەکە زیانی قورسی بە جگەرەکەی گەیاند. لە ساڵی ٢٠١٠ جگەرێکی نوێی بە چێنرا و دواتر تووشی شێرپەنجەی جگەر بوو. لە ساڵی ٢٠١٧ کۆچی دوایی کرد.
بێنجامین سموک، گەرانیبەژ و شاعیری ئەمریکی، لە ساڵی ١٩٩٩، لە تەمەنی تەنها ٣٩ ساڵیدا، بەهۆی لەکارکەوتنی جگەر کۆچی دوایی کرد. هەندێک سەرچاوە ئەم نەخۆشییە بە هەپاتایتی C_ەوە دەبەستنەوە، بەڵام بێگەی سەرەکی و بەهێز بە ئەم پێوەندییە کەم؛ بەیە نابێت بە دڵنیایی وەک هەکاری مردنەکەی بنووسرێت.
هەمان ساڵ، ستێفان سیرکیس، هونەرمەندی فەرەنسی، لە تەمەنی ٣٩ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشیەکی توند و لەناکاوی جگەر کۆچی دوایی کرد. سەرچاوەکان جۆری نەخۆشیەکە بە C دیاری ناکەن.
لە هونەری کوردیشدا، حەسەن زیرەک لە ساڵی ١٩٧٢، لە تەمەنی ٥١ ساڵیدا، بەهۆی شێرپەنجەی جگەر کۆچی دوایی کرد. هەرچەندە باسی ژەهراوکردنی دەکرێت، بەڵام بێگەی ڕوون بە سەلماندنی نییە.
چیرۆکی ئەم هونەرمەندانە تەنها چیرۆکی نەخۆشی و مردن نییە. لە پشت هەر ناوێکەوە مرۆڤێک هەیە کە لەگەڵ نەخۆشییەکی درێژخایەن ژیاوە، چارەسەری وەرگرتووە، ئازاری چێژتووە و لە هەمان کاتدا بەردەوام بووە لە هونەر.
هەوکردنی جگەر نابێت ببێتە مایەی شەرم یان پەراوێزخستنی نەخۆش. ئەمڕۆ هەپاتایتی C لە زۆربەی حاڵەتەکاندا چارەسەر دەکرێت، بە هەپاتایتی B_یش کوتان و دەرمان بە ڕێگرتن لە پشکەوتنی نەخۆشی

بەردەستن. بەیە پشکنینی زوو و وەرگرتنی چارەسەری گونجاو گرنگە. ئەمە کە دەخی تەندروستیی مامەستا عەبدولحەلیم مەریوانی جێی نیگەرانییە، پەویستە زیاتر لە هەر شتێک بیر لە خودی مرۆڤەکە بکەینەوە؛ هونەرمەندێک کە بە دەنگەکەی خەشی و خەم و خۆشویستی و هیوای گەلەکی گواستووەتەوە.
جەستەی هونەرمەند دەنگە دەژێک لاواز بێت و دەنگەکەی بەدەنگ بێت، بەڵام ئەو گەرانییانەی لە بیرەوەریی خەڵکدا جێی هەشتوون، بە ئاسانی نامرن.

سەرچاوەکان

• صدی البلد، ٢٠٢٤. ڕاپۆرت لەسەر نەخۆشی و کۆچی دوایی عەبدولحەلیم حافز.
• NRT2. دیمانە لەگەڵ مامۆستا عەبدەلدین مەریوانی.
• ویکیپیدیای کوردی. «حەسەن زیرەک».
• Gregg Allman Official Website. ژیاننامەی گرێگ ئالمان.
• ABC News Australia، ٢٠١٣. ڕاپۆرت لەسەر لە دەست دانی گیانی جگەر.
• Le Monde، ١٩٩٩. ڕاپۆرت لەسەر کۆچی دوایی ستێفان سیرکیس.

وێنەکێشی پۆرتووکی منداڵان ڕاندەڤ کادیکەت.. ڕزا شوان

ساڵانە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، لەلایەن کەمپەینی پۆرتووکخانەکانی ئەمریکاوە (ئەی ئێ ئای). دوو مەدالیا دەبەخشن بە نووسەرێک و بە وێنەکێشێک. مەدالیای یەکەم مەدالیایەکی بواری وێژەی منداڵانە، بە ناوی (مەدالیای نیوبێری) پێشکەش دەکرێت، بە نووسەری باشترین پۆرتووک بۆ منداڵان بە زمانی ئینگلیزی کە لە ساڵی ڕابردوودا، لەلایەن نووسەرەکی بە ڕەچەڵەک ئەمریکی یان دانیشتووی ئەمریکا بێت، نووسرابێت و چاپکرابێت و

بەاوکرابێتەوە. پێشتر چاپی نەکردووبێت. ئەم خاتە بە بەرزەاگرتن و نەمریی نووسەری بەناوبانگی ئینگلیزی لە بواری وێژەی منداڵان (جۆن نیوبێری :١٧١٣ـ ١٧٦٧) کە یەکەمین گۆڤاری منداڵانی بە ناوی (هاوڕێی منداڵان) ەوە دەرکرد، یەکەمین پەرتووکخانەشی بۆ منداڵان دانا. مەبەست لە پێشکەشکردنی مەدالیای نیوبێری، هاندانی نووسەرانی بواری وێژەی منداڵانە. مەدالیای نیوبێری لە (برونز) بە شێوەیەکی خڕ دروستکراوە و لەسەر دیوی یەکەمی، نەخشی پەرتووکێکی کراوەیە لە لایەن هونەرمەند (پێل تشامبلان) ەوە دیزاینی کراوە. لە دیوی دووەمیشدا، ناوی نووسەری براوەی مەدالیاکە و مێژووی بردنەوەی لەسەر هێدکەنن، وەکو خاتی رێزلێنان، لە لایەن (کۆمەڵەی پەرتووکخانەکانی ئەمریکا) ەوە، پێشکەش دەکرێت. ئەم خاتە لە ساڵی (١٩٢١) لەلایەن (فردریک میلشەر)ی سەرکی ئەنجوومەنی کۆمپانییەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی پەرتووک و گۆڤارکانەوە داهێنرا و پێشکەشکرا. یەکەم براوەی خاتی مەدالیای نیوبێری لە ساڵی (١٩٢٢) دا، بەخشیان بە نووسەری بواری وێژەی منداڵان (هێندریک ولیەم).
من لە مانگی ئاداری (٢٠١٧) دا، لە نووسینەکەمدا لەژێر ناوی (جۆن نیوبێری هاوڕێی منداڵان) کە لە سایتە کوردییەکاندا بڵاوم کردووەتەوە. کە بە درێژیی باسی جۆن نیوبێرریم کردووە.
دەینێ سەر مەدالیای دووەم، مەدالیای زێڕی کاڵدیکێت. دەنیام کە زۆربەی هەواداراني هونەری وێنەکێشان، ناوبانگی هونەرمەندی وێنەکێشی ناوداری ئینگلیزی راندۆڵف کاڵدیکێتیان بیستووە و زانیارییان لە بارەیەوە هەیە.
کورتەیەکی بیوگرافیای ڕاندۆڵف کاڵدیکێت:
هونەرمەندی نیگارکێش (راندۆڵف جۆن کاڵدیکێت) لە دایک و باوکێک بە ناوی، ماری کاڵدیکێت و جۆن کاڵدیکێت، لە (٢٢/ ئادار/ ١٨٤٦) لە شاری چێستەر لە ناوەاستی ئینگلتەرا لەدایک بووە. راندۆڵف سێیەم منداڵی دایک و باوکی بوو، حەوت خوشک و برا بوون. تەمەنی شەش ساڵان بوو دایکی کۆچی دوایی کرد.

هەرچەندە تای ڕەماتیزم، لە منداڵییەوە دەی لاواز کرد، بەاڵم کاڵدیکێت حەزی لە یاری و وەرزشکردن بوو. حەزی زۆری لە چالاکییەکانی گوندنشینەکان بوو، لە نەوانیان دا، گەڕان بە دەیەکانی دەوروبەر و ئەسپ سواری.
کاڵدیکێت لە تەمەنی پانگزە ساڵیدا، قوتابخانەی بەجێهێشت، بە

ماوەی چەند ساڵێک لە بانکدا کاری دەکرد. لە گوندەکی نزیک کارەکەی خانوویەکی بەکرێ گرت و بە تەنیا دەژیا. رۆژانە بە پیان بە سواری ئەسپ، پیاسەی بە گوندەکاندا دەکرد. گەلێک وێنەی سروشتی جوانی ئاو ناوچانەی کێشا. لە قوتابخانەی شەوان لە مانچستەر لە بەشی هونەری وێنەکێشان دەستی بە خوێندن کرد. لە لە ساڵی (١٨٦١) خوێندنی تەواوکرد. کاتێک لەو ساڵەدا، یەکەم تابلۆی کێشراوی بەناوکردەوە، سکێچێکی ئاگرکەوتنەوەیەکی کارەساتباری هوتێلی شەمەندەفەری شاژن، لە شاری چێستەر کێشا. تابلۆکەی و باسکی ئاگرکەی لە رۆژنامەی ئیلستریتد لەندن نیوزدا بڵاوکردەوە. وێنەکانی بە رەنگی ئاوی بۆیانی دەکرد. لە ساڵی (١٨٧٢) رووی لە شاری لەندەن کرد، هەر لەم ساڵەدا بە ئەندامی (پەیمانگای شاهانەی وێنەکێشانی رەنگی ئاوی) هەڵبژێردرا. ماوەی حەوت ساڵ لە لەندەن ژیا و کاری وێنەکێشانی بە رۆژنامەو گۆڤارەکان دەکرد. وێنەکانی لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردەوە. ناسراو ناوبانگی دەرکرد. کاتدکت بوو بە هاوڕێی چەندین کەسایەتی ناسراوی بواری هونەر و وێژە. بە چەندین پەرتووکی نووسرانیش وێنەی بەرگ و وێنەکانی ناوەوەیانی پەرتووکەکانی بۆیان کێشا. دوای ماوەیەک چوو بۆ ئەمریکا لەوێدا کاری وێنەکێشانی دەکرد.
کاتدیکەت لە ساڵی (١٨٨٠) دا، لەگەڵ (ماریان برینەد) هاوسەرگیریان کرد. منداڵیان نەبوو. پەکەوە گەشتەکی زەریان بە ناوچە گەرمەکان کرد.
تەندروستی کاتدیکەت بە گشتی نالەبار بوو. زەرجار تووشی هەوکردنی گەدە و نەخۆشی دە دەبوو، کە لە سەردەمی منداڵییەوە پڕوای بوون. هەر بۆ ئاوای لە ساردی زستان دووربکەوێتەوە، گەشتەکی زەری بۆ ناوچە گەرمەکانی سەر دەریای سپیی ناوەڕاست کرد. لە یەک لە گەشتەکانی بۆ ویلایەتی فلۆریدا لە ئەمریکادا، کە ماریان برینەدی هاوسەری لەگەڵدا بوو. تووشی نەخۆشییەکی تر بوو.

راندۆلف کاتدیکەت، لە شاری سان ئاگستین لە فلۆریدا، لە ئەمریکادا، لە رۆژی (١٢/ شوبات/ ١٨٨٦) دا، لە تەمەنی نزیکەی (٤٠) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.
کاتدیکەتی وێنەکێشی منداڵان:
کاتدیکەت لە تەمەنی منداڵییەوە وێنەی ئاژەڵان و باندەی دەکێشا. لە تەمەنی شەش ساڵیدا دەستیکرد بە وێنەکێشان و

دروستکردنی پەیکەری ئازایان لە دار و لە قوڕ. لەو ساڵە تا کۆچکردنی لە وڵاتەکەشان دانیشتوا و گۆشەی بە وێنەکانی کرد. وەک وێنەکێشکی بواری پەرتووکی وێنەیی بە منداڵان، ناسرا و ناوبانگی دەرکرد.
کاڵدیکۆت لە جەژنی کریسمسی ساڵی (١٨٧٦) دا، وەک جەژنانێک بۆ منداڵان، دوو پەرتووکی وێنەیی بۆ منداڵان کۆشا و چاپیانی کرد و بەناویانی کردووە، بە ناوی (ئەو ماڵەی کە جاک دروستی کردووە) و (جۆن گیلپین) ئەم دوو پەرتووکە هێندە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، وایان کرد کە کاڵدیکۆت ساڵانە لە جەژنی کریسمسدا، دوو پەرتووکی وێنەدار بۆ منداڵان چاپ بکات و بەناویان بکاتەوە. تا کۆچی دوایی کرد لەم کارەیدا بەردەوام بوو.
کاڵدیکۆت بە وێنەکێشکی بواری هونەری وێنەکێشانی پەرتووکی منداڵان ناسرا و ناوبانگی دەرکرد. ستایشکی نیودەوڵەتیی بەدەستهێنا.
زەرجار کاڵدیکۆت وەک پێشەنگکی پەرتووکی وێنەیی مۆدێرنی منداڵان ناودەبرێت. هەگبەیکی داهێنرانەی گرتەبەر، بە پەرتووکی وێنەیی، هەنگی قسەمی و وردەکاری گرافیکی زیادکرد. کاڵدیکۆت یەکێک بوو لەو هونەرمەندانی ئەو سەردەمەی کە بە "سەردەمی زێڕین"ی پەرتووکی وێنەیی منداڵان ناسراوە. دەقەکانی کاڵدەکۆت لە وێنە کێشراوەکانیدا، هونەر و زمانی تێکەڵ کردوون، بە ئاوەی چیرۆکە ئاشناکان
و چیرۆکە ئەفسانەییەکان، هەهێندی نوێی کەنتەکستیان تێدا بێت.
مۆدالیای کاڵدیکۆت:
"مۆدالیای کاڵدیکۆت" بە ناوی وێنەکێشی بەناوبانگی ئینگلیزی سەدەی نۆزدەهەم، ڕاندۆلف کاڵدەکۆتەوە ناونراوە. بە ڕێزلێنان و پێزانین و بە بەرزڕاگرتی ناو و یادی، بە ئەو داهێنان و خزمەتە ناوازەی، لە بواری پەرتووکی وێنەیی بە منداڵان کە پێشکێشیکردوون. ساڵانە لەلایەن "کۆمەڵەی خزمەتگوزاری پەرتووکخانەکانی منداڵان" کە بەشێکە لە کۆمەڵەی پەرتووکخانەکانی ئەمریکی، دەبەخشرێت بە دیارترین پەرتووکی وێنەی بە منداڵان، کە لە لایەن وێنەکێشکی ئەمریکی. یان دانیشتوویەکی هەمیشەیی ئەمریکاوە. بە مەرجێک کە پەرتووکە ساڵێک پێشتر چاپکرابێت و بەناوکرابێتەوە. مۆدالیای کاڵدیکۆت لە زەڕە دروستکراوە. کەپی مەری مۆدالیای کاڵدیکۆت دەخرێتە سەر بەرگی یەکەمی پەرتووکی وێنەیی براوە.

ساڵانە لەهەمان ڕۆژ و هەمان شوێن و ئاهەنگدا، خەڵاتی "مەدالیای نیوبەری" و خەڵاتی "مەدالیای کاڵدیکەت" پێکەوە پێشکەش دەکرێن. بە باشترین نووسەری پەرتووکی منداڵان و بە باشترین هونەرمەندی وێنەکێشی پەرتووکی وێنەیی ڕووبەڕووبونەوە بە منداڵان. کە لە ساڵی پێشووتردا، چاپکراون و بڵاوکراونەتەوە.

لە ساڵی (١٩٣٧) بەیار لەسەر بەخشینی مەدالیای کاڵدیکەت درا. هونەرمەندی وێنەکێش (دەرەنی بی لاترەپ) یەکەم هونەرمەند بوو، کە لە ساڵی (١٩٣٨) دا، لە پەرتووکی وێنەیی بۆ منداڵان (ئاژەڵانی پەرتووکی پیرەز) مەدالیای کاڵدیکەتی وەرگرت. لەو ساڵەوە ساڵانە ئەم مەدالیایە دەدرێت.
لە دوای خەڵاتی (هانز کریستیان ئەندرسین) کە بۆ (خەڵاتی نۆبێلی منداڵان) و بۆ (خەڵاتی نۆبێلی بچووک)" یش ناودەبرێت. خەڵاتی مەدالیای نیوبەری و مەدالیای کاڵدیکەت، دوو بڕناوبانگترین خەڵاتی بواری وێژە و هونەری منداڵانن لە جیهاندا.

(مەریس سێنداک) ئاماژەی بۆدا، کە بڵاوکردنی کالدکەت لە وێژەی منداڵاندا، "مژدەی سەرەتای پەرتووکی وێنەیی مەدەرن بوو" جەختیشی لەوە کردەوە کە کالدکەت "تەکنیکی وێستایانە لە وێنە و وشە دروستکردووە، کە نتراستێک کە پێشتر نەبینراوە. گەر وشەکانی پەرتووکانی لابەرێن، وێنەکان لەبەری وشەکان قسە دەکەن. گەر وێنەکانیش لابەرێن، وشەکان لەبەری وێنەکان قسە دەکەن".

داهێنانی "پەرتووکی وێنەیی ڕووبەڕوبونەوە" بە منداڵان، هەندێک لە زانایان ئاماژەیان بۆ کردووە کە لەهاتوویی کاڵدکەت لە پەیدانی فیگاری مرۆڤی جیاواز بە ئاژەڵ مرۆڤدەستەکان، بگومان کاریگاری لەسەر نووسەرانی پەرتووکی وێنەیی منداڵانی دواتر هەبووە، وەک سێنداک، بیاتریکس پۆتەر، مارگرێت وایز براون.
ژمارەی پەرتووکە وێنەییە چاپکراو و بڵاوکراوەکانی راندەف کاڵدیکەت بە منداڵان، زۆر زۆرن. بۆیە ناوەکانیمان نانووسین.
خەڵاتگرانی ئەمساڵی مەدالیای کاڵدیکەت و مەدالیای نیوبەری:

خەڵاتی (مەدالیای کاڵدیکەت)ی ئەمساڵ (٢٠٢٦) درا بە

هونەرمەندی وەنەکەشی پەرتووکی منداڵان، خاتوو (کاتیا چین) ی بەرازیلی. کە وەنەکانی پەرتووکی (یارییە ئاگرینەکان)ی کەشاوە. چیرۆکەکەش لایەن (ماتیە بەرگەس)ەوە نووسراوە.
خاتی (مەدالیای نیوبەری) یش، بە ساڵی (٢٠٢٦) بە باشترین پەرتووکی چاپکراوی ساڵی پار بە منداڵان، درایە پەرتووکی (هەموو بلوزەکان لە ئاسمان) لە نووسینی چیرۆکنووسی بواری وەژەی منداڵان، خاتوو (رینی واتسن) ی ئەمریکی. لە ئاهەنگێکی شایستەدا، لە شیکاگۆ، هەردوو مەدالیاکە پێشکەش بە هەردوو براوە کران.

(*) بە ئەم نووسینەم، سوودم لە چەندین سایتی ئینگلیزی وەرگرتووە.